# رۆژی گەل

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٨٤) یەکشەممە ٢٠٠٧/٦/٢٤


## کارتەر رەخنە لە سیاسەتی بووش دەگرێ



جیمی کارتەر سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا، وەرگری خەڵاتی ئاشتی نوبێل، رۆژی ٤ شەممەی رابردوو لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئیرلەندا بە توندی رەخنەی لە سیاسەتی جۆرج بووشی سەرکۆماری ئەمریکا گرت و بەوە تۆمەتباری کرد کە دیموکراسیانە رەفتاری لەگەڵ سەرکەوتنی بزووتنەوەی حەماس دا نەکردووە، ئێستاش بە هاودەستی لەگەڵ ئیسرائیل دەیانەوێ گەلی فەلەستین دوو لەت بکەن، بەوهۆیەوە بۆ لێدانی بزووتنەوەی حەماس زۆر راشکاوانە پشتیوانی لە بزووتنەوەی فەتح و مەحمود عەباس دا دەکەن.ناوبراو گوتی: هەرچۆنی بوو بزووتنەوەی حەماس بە هەڵبژاردن هاتە سەر کورسی دەستەڵات بۆیە هەق نیە رەت بکرێتەوە.

- سەر حکومەتی هەرێم چڕتر دەبێتەوە بۆ وەدەرنانی پەکەکە گوشارەکان بۆ
- رۆشنبیری هەرچی کێشەی کۆمەڵگەیە چارەسەری
- تاقە رێگەچارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست
- دەرچووی زانکۆیەو خزمەتکاری پێدەکەن
- تیرۆرکردنی ژنان هەر بەردەوامە

# عەلی کیمیاوی سزای مەرگی بۆ دەبڕێتەوە، داوا دەکرێ لە هەڵەبجە هەڵبواسرێ



**بریارە** ئەمرۆ ٢٤-٦-٢٠٠٧ محەمەد خەلیفە ئەلعریبی سەرۆکی دادگەی باڵای تاوان دوایین بریار لەسەر دۆسیەی ئەنفالکردنی کوردان بدات. هەمووان چاوەڕوان دەکەن کە سزای مەرگ بۆ عەلی حەسەن مەجید و هاودەستانی ببڕێتەوە.

بەدرێژایی چەندین دانیشتنی دادگەو خستنەڕووی سەدان بەڵگەنامەی نووسراو، تۆمارکراوو بینراو تاوانباریێتی هەریەکە لە عەلی کیمیاوی، هاشم سوڵتان،سابیر دۆری، حەسەن رەشید و فەرحان موتلەگ ساغ بۆتەوە و دەرکەوتووە کە راستەوخۆ فەرمانی ئەنفالکردنی کوردانیان بەڕێوەبردووە، بەوهۆیەوە زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەسی سڤیل راپێچی بیابان کراون و زیندە بەچاڵ کراون، بۆیە داواکاری گشتی خوازیارە کە سزای مەرگ بۆ ئەوانە دەربکات، بەڵام لەبەرنەبوونی بەڵگەی تەواو خواستراوە تاهیر تۆفیق ئازاد بکرێ.

سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی لە دادگای باڵای تاوانی رایگەیاندووە کە ژمارەی تۆمەتبارانی ئەم دۆسیەیە گەیشتۆتە ٢٢٣ تۆمەتبارو دەهێنرێنە بەردەم دادگە.

هەرچەندە گیانی تاوانباران لەئاست قوربانیەکاندا زۆر بچووکە بەڵام دیسانیشەوە هەڵواسینی ئەو تاوانبارانە ئارامی بە دەروونی بنەماڵەی قوربانیانی شاڵاوی ئەنفالکردن و شەهیدانی ژەهرباران دەبەخشێ، چونکە ماوەیەکە بە حەسرەتەوە چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەکەن کە بکوژرانی خۆشەویستانیان بەسزای خۆیان بگەیەندرێن و پاداشتی تاوانەکانیان وەربگرنەوە.

لەم پێوەندیەدا ناوەندی هەڵەبجە دژی بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کوردستان داواکارە کە تاوانبارعەلی کیمیاوی لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکەی لە شاری هەڵەبجەدا هەڵبواسرێ و بنەماڵەی قوربانیەکانیش بە چاوی خۆیان ببینن.

جەعفەر موسەوی

## لەترسی مەرگ ٢٢ هەزار کورد شاری موسڵ جێدەهێڵن

**خەسرەو** گۆران جێگری پارێزگاری موسڵ راگەیاندووە کە تائێستا زیاتر لە ٢٢ هەزار خێزانی کورد شاری موسڵیان جێهێشتووەو روویان لە ناوچە ئارامەکانی کوردستان کردووە. خەسرەو دەڵێ:" لەماوەی رابردودا ١٢٥٠ کورد لەلایەن تیرۆریستانەوە کوژراون، بۆ رێگرتن لەو رەشەکوژیە چەندین جار لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان دانوستانمان کردووە" خەسرەق گۆران بە ماڵپەڕی سبەی گوتووە کە:" ئێستا پلانێکمان بەدەستەوەیە و دەمانەوێ لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی ئاسایشی عێراق بیگرینە بەر بۆ پاراستنی گیانی کوردەکان و لەناوبردنی تۆڕە تیرۆرست و تاقمەکانی رفاندنە لە موسڵ". خەسرەو گۆران گوتویەتی:" لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق پارێزگای موسڵ ئاڵۆزبووە، ئەمەش وای کردووە کە کوردەکان رابکەن بەرەو ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان کۆچ بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە ئاشکرابووە کە تا ئێستا زیاتر لە ٢٥ هەزار مەسیحی پارێزگای موسڵیان جێهێشتووەو بەرەو شارەکانی کوردستان هەڵاتوون.

جێگەی ئاماژەیە کە دوێنێ زیاتر لە ١٤ کەس لە شاری موسڵ کوژران، هەڕەشەکردنیش لە کوردو مەسیحیەکانی شارەکە درێژەی هەیە، ئەمەش بەمەبەستی چۆلکردنی شارەکە لە کوردو مەسیحی بەڕێوەدەچێ. بەم شێوەیە دەردەکەوێ کە دوای رووخانی بەعسیش ستەمەکانی سەر کورد کۆتایی پێنەهاتووە.

## عێراق لە سەرنەکەوتن دووەم دەبێ

**گۆڤاری** سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ساڵانە بۆ ١٧٧ وڵاتی جیهان ریزبەندی دەکات، ئەمساڵ دەوڵەتی عێراق لەدوای سودان پلەی دووەمی لە دۆڕان و فەشەلیدا وەدەستهێناوە.لە کاتێکدا کە دەبووایە لەهەندێ وڵات سەرکەوتووتر بوایە چونکە راستەوخۆ لەلایەن ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرێ. لە ریزبەندی گۆڤارەکەدا وڵاتی ئەفغانستان بەپلەی هەشتەم، یەمەن بەپلەی ٢٤، لبنان بە٢٨و سوریاش بەپلەی ٤٠ لە فەشەلیدا ناویان هاتووە.

ئەو پێوەرانەی بۆ هەڵسەنگاندن پشتیان پێبەستراوە ١٢ هۆکاری وەک کێشەی ناوخۆ، هەرەسهێنانی کۆمەڵگە، بێ بەرنامەیی لە زۆربوونی دانیشتوان،رێژەی تاوان کردنو چەند هۆکارێکی دیکەن. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کە پێشتر عێراق لە نائارامیدا پلەی یەکەمی بەدەست هێنابوو.

## پنتاگۆن سەبارەت بە شکستی خۆیان لە عێراق راپۆرتێک بەرز دەکاتەوە

سوپای ئەمریکا لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە سێ مانگی رابردوودا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دووچاری شکست هاتوون و نەیانتوانیوە وەکو پێویست ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

راپۆرتەکە ئاماژەی بە زیادکردنی سەرباز کردووە بەڵام دیسانیشەوە هیوای بە سەرکەوتن کەم بۆتەوە.

راپۆرتێکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی کارەکانی هێزەکانی ئەمریکا ئەوە دەردەخا کە لە ماوەی نێوان نێوەراستی مانگی شوباتەوە تا نێوەراستی ئایار لە زۆربەی بەرەکانی جەنگی عێراقدا هێزەکانی ئەمریکا شکستیان خواردووە، کاری توندوتیژیش کەم نەبۆتەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکە کە بۆ کۆنگرێس بەرزکراوەتەوە: رەوانە کردنی هێزی زیاتری ئەمریکا بۆ ناوچە گرژەکان، توندوتیژی بۆ ناوچەکانی دیکە گواستۆتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە کردەوە خۆکوژیەکان و تەقینەوەکانی ناو عێراق زیادیان کردووە، هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئەمریکاش شێوازێکی دیکەی ترسناکی وەرگرتووە، چونکە ئێستا مووشەکی دژە تانک بەکار دەهێنرێ، گومان لەوەش دەکرێ کە ئەو موشەکانە لە ئێرانەوە بهێنرێن.

لەلایەکی دیکەشەوە هاری رید سەرکی زۆرینەی دیموکراتیخوازەکان لە ئەنجوومەنی پیراندا بە توندی رەخنەی لە ژەنەراڵ دێڤید پاتریۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق گرتووەو بەوە تۆمەتباری کردووە کە ئاگای لەوە نیە کە بەکردوە چی لە مەیدانی عێراقدا دەگوزەرێ، بەڵام تۆنی سنۆ وتەبێژی کۆشکی سپی بە رۆژنامەوانانی راگەیاندووە کە جۆرج بووش لە قسەکانی هاری رید نیگەرانە، هەروەها تۆنی سنۆ گوتبووی کە کۆشکی سپی لەو لێدوانەی هاری رید ئاگادارە کە پیتر پەیسی بە فەرماندەیەکی نا ئەکتیڤ ناوهێناوەو قسەی ناشرینیشی بە دێڤید پاتریۆس گوتووە. سنۆ گوتی: شەرمەزارییە کە سەرکردەیەکی سیاسی لە سەردەمی جەنگدا قسە دوو بۆ فەرماندەی سەربازی وڵاتەکەی خۆی هەڵببەستێ و سووکیان بکات.

هەر لەپێوەند بە شکست و سەرکەوتنی ئەمریکا لە عێراق سەرۆکی هەردوو ئەنجوومەنی کۆنگرێس و پیران نامەیەکیان بۆ سەرکۆماری ئەمریکا ناردووەو ستراتیژیەکەی ئەویان بە سەرنەکەوتوو وەسف کردووە. نانسی پیلۆسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و هاری رید سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران لە نامەیەکی هاوبەشدا نووسیویانە هەروەک زۆر کەس پێشبینیان دەکرد ئەوەتا زۆرکردنی سەرباز ئاکامی چاوەڕانکراوی لێنەکەوتۆتەوە.

ئەوان نووسیویانە کە زیادکردنی هێزەکان کاریگەری لەسەر کەم کردنەوەی توندوتیژیەکان پرۆسەی ئاشتەوایی نەکردووە.



## رۆژەڤ

زیندووکردنەوەی سیستەمی جاشایەتی درەنگ یا زوو کوردستانیانیش دەگرێتەوە، ئێستا هەم هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەیانەوێ چەک بە سەر هۆزە عەرەبیەکان دابەش بکەن هەمیش حکومەتی عێراق لەهەوڵی پڕچەک کردنی هۆزەکان دایە. ئەوان هەردوو لایەن لەژێر پاساوی بەرەنگاربوونەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە برەوی پێدەدەن، ئەمەش بێ چەندو چۆن زیندووکردنەوەی سیستەمی جاشایەتییە کە پێشتر لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا هەبوون و بۆ دژایەتی نەیارو نارازی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەکار دەهێنران.

حکومەتی ئەمریکاو کابینەی نوری مالکی دەیان جار لە کۆڕو کۆبوونەوە فەرمیەکاندا، لە ئاشکراکردنی بەرنامەی کاری خۆیاندا جەختیان لە سەر بنبڕکردن و چەک کردنی میلیشیای گروپ و رێکخراوە سیاسیەکان کردۆتەوە. زۆر جارانیش فەیلەقی بەدرو سوپای مەهدی و چەکداری حزبەکانی دیکەشیان بە میلیشیا ناو هێناوەو باسیان لە هەڵوەشانەوەیان کردووە، بەڵام کە ئێستا لەبەرانبەر گروپە نەیار و ناڕازیەکان دا دەستەو وەستان ماونەتەوە هانا بۆ پڕچەک کردنی هۆزەکان دەبەن.

حکومەتی ئەمریکا دووپات دەکاتەوە کە ئەوان چەک بە گروپە توندرۆکان نادەن، تەنیا هاوکاری ئەو هۆزو هێزانە دەکەن کە دەیانەوێ دژ بە رێکخراوی ئەلقاعیدە بجەنگن، بەڵام ئایا چ گەرەنتی هەیە کە ئەو چەکانە بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدەو گروپە توندرۆکان نارۆن و دەست ئەوانە ناکەوی کە کورد دەکوژن؟!

حکومەتی ئەمریکا رۆژی هەینی رابردوو بە فەرمی رایگەیاند کە چەکدارەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە زۆر سەرسەختانە دەجەنگن و خۆیان بۆ مەرگ ئامادە کردووە، شەڕکردنیش لەگەڵ هێزێکی ئامادە بۆ مەرگ ئاسان نیە.

لەلایەکی دیکەشەوە زانیاریەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێ گروپی توندرۆی نەیاری رێکخراوی ئەلقاعیدە وێڕای ئەوەی شەڕی هێزەکانی ئەمریکاو عێراق دەکەن، کەچی لە هەندێ شوێندا هاوشانی سەربازەکانی ئەمریکاو عێراق دژ بە رێکخراوی ئەلقاعیدە دەجەنگن و دەیانەوێ لە عێراق دەریان بکەن، کەواتە هاوکاری کردەیی لە نێوان گروپە توندرۆکان و سەربازەکانی ئەمریکاو عێراق دەستی پێکردووە، ئامانج بەچۆک داهێنانی نەیارێکی سەرسەختی خۆیانە، دواتریش دووبارە دەست بە یەکتر کوشتن دەکەنەوە، کەواتە دابەشکردنی چەک و چەکدارکردنی هۆزەکان جگە لە زیانی گیانی، گورزی کاریگەر لە ورەی خەڵکی عێراق دەدات، لەوانەیە هاندەرێکی باشیش بێ تاوەکو موستەشارە کوردەکانیش هەوڵی زیندوو کردنەوەی فەوجەکانیان بدەن، ئەمەش ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە، چارەنووسی کوردستان و عێراق بەرەو شەڕێکی خوێناوی و نادیار دەبات. پێشبینی کردنی داهاتووی نیشتمانێکی نغرۆ بووی نێو میلیشیاو شەڕی نێوەخۆ کارێکی سەخت و دژوار دەبێ.